# اسماء الله 24

هەر کە قەدیمەن مەطروح بوو لەبۆ موناقەشە ئێستاش لایەزال مەطروحە لەبۆ موناقەشە، یەعنی ئەمن گەردەنتان ئازا ناکەم خاسەتەن ئەو برایانەی کە موستەمر لێرە مەوجودن، لێرە دەربچن دەرێ کە فیعلەن لە ماددەی مەطروح لێرە ئیشکال مایە لە قەلبتان، یەعنی بەخۆتان شاهێد بن باری تەعالا شاهێد بی لەسەر هەمووومان، لە مەوضوع نەگەیشتینە لە مادده، بچنە دەرێ ئیشکال لە قەلبتان مابی گەردەنتان ئازا نەبی، دانیشە یەقەم بگرە، گێم بگرە، حەققت هەیە هاتین دوو کەلیمە ئیستیسفادە بکەین لە یەکتری، نەك دوو کەلیمە شتەك باوێمە ناو قەلبت.

فە لۆیە ماددەکان هەمووی مەطروحە لەبۆ بەحث، هەمووی مەطروحە لەبۆ موناقەشە، وە ئەوەی لێرە دەگوترێ رەئیە، رەئیی فلانە، عەقلت گرتی وەریگرە، ئەمما کو وەری دەگری علمیەن وەری گرە، بە دەیەها جار گوتیتمان موراجەعەی تەفاسیر بکرێ، موراجەعەی کوتوب بکرێ، موراجەعەی مەصادر بکرێ، هەتا حەفتەی پێشتر لە خزمەتتان رۆژی پێنج شەم بەحسی ئەو مەصادرانەم کرد کە فیعلەن ئیستینادی لەسەر دەکەم لەبۆ لیسان و لوغە، فە هەموتان باحیسن نەك بەس ئەمن، مەوضوعەکە مەطروحە لەبۆ هەمووومان، یەعنی ئەمە لەو کلیشەیەی دەرچین خەطیب یان موحاضر ئەو مەسئولی ئەووەل و ئەخیرە، حیزب و ئیتیجاهـ ئەو مەسئولی ئەووەل و ئەخیرە، گوتمان وەختی خۆشی مەفهومی ئیتیباع لە قورئان نییە حەتتا لەبۆ ذاتی رسول الله.

سێ جار کەلیمەی ئیتیباع هاتییە لەبۆ پێغەمبەر لە سەت و قسور جێ ئەویش لەسەر زمانی ئەهلی کیتاب، نەك لەسەر زمانی باری تەعالا، ئەها زۆرجار باری تەعالا لە قورئان لە شەیتان نەقل دەکا(وَقَالَ الشَّيْطَانُ لَمَّا قُضِيَ الأَمْرُ) (إبراهيم 22)، شەرت نییە باری تەعالا ئیقراری سەر کەلیمەی شەیتان بکا، حالەتی واقیعیە، ئیقرار شتەکی دیکەیە، باری تەعالا لە إمرأة العزيز نەقل دەکا، (إِنَّ النَّفْسَ لأَمَّارَةٌ بِالسُّوءِ)(يوسف 53)(قَالَتِ امْرَأَةُ الْعَزِيزِ الآنَ حَصْحَصَ الْحَقُّ) (يوسف 51)، ئەمما ئایا باری تەعالا ئیقرار لەسەر حالەت دەکا شەرت نییە.

ئیذەن قورئان دەبی فیعلەن قورئانی بێی لەبۆ فەهمی قورئان، وەیەك لەو نوقاطە رەئیسیانەی کە دەبی لەکنە مە هەبی مەفهومی ئیتیباعە، ئیتیباع شتەکە ئیطاعە شتەکی دیکەیە، ئیتیباع ئەوەیە فیعلەن کابرای موقابیل میزانی پێ نەبی، کابرایەك لەناو دەرارخانەی بەمن بلێ یەك زائید یەك دەکا پێنج برێم بەرێ دەکا پێنج ئەوە ئیتیباعە، ئەوە لەبۆ ذاتی پێغەمبەری نییە لەبۆ صەحابەی، صەحابە لێیان طەلەب نەکرایە ئەوها ئیتیباعی پێغەمبەر بکەن، لۆیە دەلێم سێ جار کەلیمەی ئیتیباع لەبۆ پێغەمبەر

هاتییە لەسەر زاری ئەهلی کیتاب (قُلْ إِن كُنتُمْ تُحِبُّونَ اللّهَ فَاتَّبِعُونِي) (آل عمران 31) نەفەری ئەهلی کیتاب هاتینە ئیمانیان هینایە بە پێغەمبەر، وەفدەکن تازە ئیمانیان هینایە کە نەقل دەبن لەبۆ مەنتیقەی خۆیان ئا ئەوە قسەی وانە لەبۆ فیئە و مەجموعەی خۆیان باری تەعالا لەوان لۆ مە نەقل دەکا، ئەمما ئەوە ئیقرار نییە فیعلەن دەبی ئەمە موتتەبیعی پێغەمبەر بین، لۆیە هەموو قورئان ئیستیخلاصی مەفهومی ئیتیباع دەکا، چ هەیە لەبۆمە؟ ئیطاعە، ئیطاعە لەبۆ چ؟ لەبۆ مەوضوع، دەبی ئەمە میزانمان پێ بی، میزانی حەق.

مەثەلەن باری تەعالا مەثەلەن لەبۆ مە ئەمر دەکا ئێستا ئەوە رۆژە ئێستا ئەمە لە نەهارین لە رۆژین، چەند سەعاتەکی مایە ببتە ئێوارە و شەو، ئەوە قەولی باری تەعالا میزانە، رەسولەك هات بەمەی گۆت ئێستا رۆژە، دەلێین دەلیلت چییە، دەرێین بمانبە موختەبەر، موختەبەری فیزیا و کیمیا فەلەکیات ئیسپات کە لەبۆمان فیعلەن ئێستا رۆژە، چونکی باری تەعالا کە بەمەی گۆتییە رۆژە بەو دەلیلانە بەمە دەلێ رۆژە، باشە ئەوە ئەگەر ئەو حەققەمان هەبی بەرامبەر ئەنبیاء و روسول فەکەیفە حەقمان نییە بەرامبەر بەشەر جەمیعی، لۆیە لەمە مەطلوبە ئیطاعە، ئیطاعە دەبی بە میزان بی، بە معیار بی، کەینێ ئەو میزانە نەبوو لەکن ذات دەبی میزان دروست کا لەبۆ خۆی.

مەعقولە ئەمە لێرە برێین مەتر سەت سانتیمە، لە شێخەڵلای ببتە پەنجا سانتیمەتر هەر یەکە مەترەکی هەبی مەعقولە ئەوە، نابی لە دین نایا، عەقل دین ئەوەی رەفض دەکا، ئیذەن دەبی فیعلەن شەبابی صەحوە میزانی پێ بی خۆی ئەوجە ئیطاعە بکا نەك ئیتیباع، لۆیە پاشی پێغەمبەر یەکەمین خوتبەی ئەبو بەکری صدیق کە چووە سەر میمبەر فەرمووی ئەطیعونی نەی فەرموو ئیتتەبیعونی.

باری تەعالا دیسان بە مەلاین صین مەوجود بوو بە مەلاین هیندستان مەوجود بوو بە مەلاین، پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) دەزانی رۆژ و شەو بە سەروانیش دا دەروا، ئەمما مەقسەدی لە خیر القرون نەوعی ئەو ئینسانەیە کە رب العالمين بە واستەی پێغەمبەری (صلى الله عليه وسلم) دروستی کردییە لەو زەمانە نەوعی ئینسانەکانە، نەوعی ئەو ذەواتانەیە کە ئەصلەن دروست بووە بە واستەی ئەو مەنهەجیتەی کە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) هینایتی، لە خەیرولقرونی قەرنی، لەبۆ ئەو ذەواتانەیە نەك زەمەن نەوعی زەمەن، زەمەن جوزئەکە لەو مەوزوعەی جوزئەکی زۆر کەم و ضەئیلیشە، قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (صلى الله عليه وسلم) « خَيْرُ أُمَّتِي قَرْنِي ثُمَّ الَّذِينَ يَلُونَهُمْ ثُمَّ الَّذِينَ يَلُونَهُمْ » (رواه البخاري)، کە ئەصلەکە ئیمان بووبی باشترین مەجموعە کە دەست پێدەکا لە رەئسی قائیمە ئەووەلەن ذاتی رەسول الله (صلى الله عليه وسلم) کە فیعلەن تانی وفقی ئیرادەی خوای ئیمان

وەربگری لە جبریل (علیە السلام)، وە پاشان تەحویلی کا لەبۆ داخیلی خۆی و مومارەسەی پێ بکا و بە (عملوا الصلحات) ئینتاجی کا.

ئەوجە پاشی خۆی جیلی ئەو مەجموعەیەی کە خۆی دروستی کرد پێغەمبەر (صلی الله علیە وسلم) دیسان بە مەنبەعی ئیمان کە ئەصلەکە قورئانە، ئەو جیلە (الذین أمنوا مع رسول الله) تانیان بە ئەمانەت ئیمانەکە تەقدیمی جیلی پاشی خۆیان بکەن کە ئەمە ناومان نایە تابعین، عیلمەن لە قورئان باسی تابعین کرایە، ئەها لە سورەتی تەوبە رب العالمین دەفەرمی: (وَالَّذِينَ اتَّبَعُوهُم بِإِحْسَانٍ رَّضِيَ اللّهُ عَنْهُمْ وَرَضُواْ عَنْهُ) (التوبة 100)، بەحسی کەلیمەی تابعین لە قورئان هاتییە، دیارە رب العالمین نەوعی ئەو ئیمانەی کە ئەوان حامیلی بووینە بە ریضوان، بە ریضوان لۆی خەتم کردینە، بە ریضوانیش ئینتیهای پێ هاتییە حەیاتیان، پاشی وی (ثم الذین یولونهم) دیسان جەمعی کە نەقل دەبی و تکرار دەبتەوە دیسان جەمعی موئمنینە، ئەو نەوعە ئیمانیەی کە پێغەمبەر (صلی الله علیە وسلم) لەناو قەلبی جەمعی (الذین أمنوا معە) داینا وە نەقلی کرد لەبۆ جەمعی تابعین وە تابعی تابعین، وە کەینێ ئەو نەوعە ئیمانە دیسان بە عەینی طەریقە ئیجاد کراوە، نەوعی شخوص نەوعی حالەت دروست دەبی لەسەر کورەی ئەرز، وابزانم هەمووومان ئەو جەماعەیەی کە لێرە دانیشتینە موتەفیقین بەوەی قورئان حالەتەکی دائیمیە وە ئیستیمراریەتی هەیە وە قورئان وەکو دەرمانەك نییە ئێکسپایەر بووبی، نەتانی ئیمان و ئەهلی ئیمان و پیاو دروست بکا، ئەو تەصەورە بەمن دەبی ئەو کەسانەی کە لە مێشکییاندا هەیە موراجەعەی بکەنەوە، چونکی فقط بەس دەبی ئیعتیبار دەبی لەبۆ نوێژ دابنەین، قەناعەتمان بە هیچ نێ بەس نوێژ صەحیح بی، لە نوێژ و رۆژی حەڤدە جار (إِيَّاكَ نَعْبُدُ وإِيَّاكَ نَسْتَعِينُ) (الفاتحة 5) دەرێین پاشان دەرێین: (اهدِنَــــا الصِّرَاطَ المُستَقِيمَ)(الفاتحة 6)، چ نەوعە صیراطەك بەحسی شخوصە، (صِرَاطَ الَّذِينَ أَنعَمتَ عَلَيهِمْ)، باشە دەبی کێ بن؟ (الَّذِينَ أَنعَمتَ عَلَيهِمْ)، رب العالمین خۆی تەعریفیان دەکا (من النبیین) (وَمَن يُطِعِ اللّهَ وَالرَّسُولَ فَأُوْلَـئِكَ مَعَ الَّذِينَ أَنْعَمَ اللّهُ عَلَيْهِم مِّنَ النَّبِيِّينَ وَالصِّدِّيقِينَ وَالشُّهَدَاء وَالصَّالِحِينَ وَحَسُنَ أُولَـئِكَ رَفِيقاً) (النساء 69)، فە ئەوانەنە (أنعمت علیهم).

باشە ئەگەر خۆمان طەلەب بکەین (اهدِنَــــا الصِّرَاطَ المُستَقِيمَ، صِرَاطَ الَّذِينَ أَنعَمتَ عَلَيهِمْ) ئەگەر ئەنبیاء موکەرەر نەبن نابی صدیقین و شوهەداء و صالحین تیکرار بن، مادام وایە دەبی ئایاتی خوای وە قورئان خۆی طاقەتی تیکراری نەبووبی، وە فیعلەن بلێین وەکو ئەو جەمعە موستەشرقینە سرنسەر وە ریمۆن ئیدسیس کە ئەوان بەحس دەکەن قورئان لە زەمەنەکی موعەیەن تانیتی

نەوعەکی خۆی دروست کا، طاقە و قابیلیەتی ئەوەی نییە دیسان قورئان نەفسی ئەو نەماذجانە تیکرار و ئیعادە بکاتەوە.

نوقتەی سێیەم: ئەو صالحینانەی پێشی مە (رەزای خوایان لێبێ) لە ئەئیمە و صولەحاء و ئەتقیاء، موئمنینی صدیقیین، ئەوانەی کە ئیمانیان بە حەق بە خوا و بە پێغەمبەر و بە یوم القیامة و رۆژی قیامەت هینا بی، ئەوانە هەموویان موقیر بووینە بەوەی کە ئەصلەکە ئیمانە، وە دەبی بەو طەریقەیەش بکرێ ئیمان بەو طەریقەیە وەربگیرێ کە جەمعی الذین أمنوا مع رسول الله ثم الذین یلونهم ثم الذین یولونهم وەریانگرتییە، ئەمما سوئالەك لێرە دێتە پێش باشە لۆ ئیمامی شافیعی یاخود ئیمامی ئەحمەد ئەوانە لە کیتابەکانی خۆیان طەریقەی تەسەلسولی ئەو ئیمانەیان بەحس نەکردییە، سوئالەکی وەجیهە، جەوابەکەی ئەوەیە، کوو ئیمامی ئەحمەد ئیمامی شافیعی ئەبوحەنیفە حەتتا ئەدیللائیتکە (رضوان الله علیهم) جەمیعەن تەصەووری ئەوەیان نەکردییە حوکمی ئیسلامی ئیزاحە ببی لە سەر وجود حوکمی کوفر بێتە وجود، وە موسلمانان بە کوفر، بە مەبادیئی کوفر حوکم بکرێن، کو تەصەووری ئەوەیان نەکردییە تەصەووری ئەوەشیان نەکردییە جەمعەك پەیا ببی شکوك لەوەی دروست بکا باشترین طەریقە و سەریع ترین و صەحیح ترین طەریقە ئەو طەریقەیەیە کە پێغەمبەر (صلى الله علیه وسلم) تانی جەمعی موئمنینی پێ دروست بکا.

لۆیە لە کوتوبی ئیمامی شافیعی رەزای خوای لێ بی ئەوەی کە موطەلیعم لەسەر کوتوب، دەبینن ئیمامی شافیعی رەزای خوای لێ بی، بەحسی ئەوەی دەکا ئەگەر هاتوو لە گوندەك سی و نۆ نەفەر هەبوو، لەو گوندەی نوێژی جومعە بکرێ، شەخصەك چللەمین نەفەر بوو ئەمما شەخصەکە نیوەی خوارێ ماسی بوو، ماسی، نیوەی سەرێ بەشەر بوو، ئایا ئیقامەی جومعە بەو چلەمینە دەکرێ یان نا، یەعنی بە مێشکی ئەو شەخصە موبارەکە ئەوە داهاتییە، ئەگەر هاتوو ئیحتیمالە، لە بلیۆن جارەك ئەگەر ئەو مەوزوعە ئەو حادیسەیە ڕوو بدا، لە بلیۆن جار جارەك ئەو حادیسەیە ڕووبدا، ئەوجە ئیحتیمالەکەشی لەبۆ دانایە و شەرعەن قەراری لەبۆ دانایە، ئەوەی بە فکر داهاتییە، ئەمما ئەوەی بە فکر دانەهاتییە رۆژەك لە رۆژان جەمعی موئمنین کوفر حوکمیان بکا، لۆیە لە کیتاباتی بەحسی ئەگەر هاتوو جەمعی موئمنین کوفر حوکمی کرد عیلاجیان چییە، حلولیان چییە، چ دەکەن چ ناکەن، ئەوەی لە کیتابەکانی باس نەکردییە، ئەبوحەنیفە رەحمەتی خوای لێبێ بەحسی ئەوەی دەکا ئەگەر هاتوو حەیوانەك بەرخەك ویلادەی بوو لە صەحرا، هیچ حەیوانیشمان نەبوو شیردەر شیری بدا، بەس خنزیرمان لەوێ هەبوو، خنزیرەکە فەرخەی هەبوو بە شیر بوو، شیری ئەو خنزیرەی ئەگەر هاتوو شیری ئەو خنزیرەی نەقل کرا درا ئەو بەرخەی ئەو فەرخەیەی ئایا گۆشتی ئەو فەرخەیەی

حەرارە یان حەرامە؟ حیسابی ئەوەی کردییە ئەبوحەنیفە ئەمما دیسان بە مێشکی دانەهاتییە کە حوکم رۆژەك لە رۆژان وەضعی موسلمانان ئەبەو نەوعەی بی، چونکی قابیلی ئیحتیمال نەبووە لە مێشکیان.

لۆیە زۆر طەبیعییە ئیمامی ئەحمەد یا بوخاری رەحمەتی خوای لێبێ یا موسلیم باسی کیتابی ئیمان بکا کە ئەصل لەقەضییە، ئەمما باسی تەسەلسولی ئیمان وەرگرتنی ئیمان طەریقەی ئیمان نەکا، چونکی حالەکی بەدیهییە لەکنی، ئیعتیباری ئەوەی کردییە ئەگەر هاتوو ئینسانەك بیەوێ فێرە ئیمان ببی حەتمەن وەکی جەمعی (الذین آمنوا مع رسول الله) وە وەکو رسول الله وەردەگری، ئەوە نییە بچی یەکسەر قورئان بکاتەوە لە سورەتی (بقرە)وە پێدا بێ بەحسی موناقفینی لەبۆ بکرێ، سیفاتی موناقفینی لەکن مەکشوف بی، ئەمما نەزانی جارێ ئیمان چییە، لەو فەرقیەتە نەبووینە، ئەوها حاشاکی حازری بە لید و ئەبلەهـ نەبووینە ئەوانە، لۆیە حەتمەن ئیمانی وان، ئیمانی ئیمامی ئەحمەد وە ئیمامی شافعی وە ئیبن تەیمیە وە غەیری وان لەو صولەحایانە حەتمەن لە ئیمانی مە زۆر بە قووەت و چاکتر بووە، لۆیە تانیتیان فەریدی نەوعی زەمانی خۆیان بن، تانیتیان هەرچی ئیشکالات لەبۆ ئەهلی قیبلە دروست دەبی لە موسلمانان و زەوی بتانن بە واستەی ئیمانی خۆیان عیلاج کەن، ئەمما ئایا ئەوانیش موقیر بووینە بەو حالەیەی کە مەوجودە لەناو موجتەمەع، لە جەواب نەخێر موقیر نەبووینە، لۆیە تەماشای تاریخیان بکەی هەر لە بیدایەتی لەحزەی وجودی خۆیان ئیسپاتی حالی خۆیان لەسەر ئەرز لەو مەنطیقەیەی کە تێیدا ژیاینە لەو زەمانی کە تێیدا مەوجود بووینە سیراع دەستی پێکردییە بەینی خۆیان و بەینی نەك کەفەرە نەك مولحیدین نەك موناقفین نەخێر لەگەر ئەو چینەی کە خۆی ئیدیعای ئیسلام دەکا کە خۆی نوێژخوێنە، کە خۆی رۆژیگرە کە خۆی زەکات دەرە کە خۆی ئیقرار دەکا کە خوا حەققە، صیراعیان لەگەر شەخصی وەهابووە، هیچ وەختەك سوڵتانەك کە ناویان نایە بە أمیر المؤمنین زەمانی عەباسی یاخود ئەمەوی وەکو طوغاتەکانی ئەو زەمانە نەبووە، ئیقرار بکا کە خوا بەلێ صاحێب مەنهەجە، ئەمما مەنهەجەکی غەیری خوای بینی دایبنێ.

ئیمامی ئەحمەد کە لەگە مەئمونی یا ئەئیمەی عەباسی لە صیراع دایە نەك ئەوانە کافرن، نەخێر بەس موجەرەد ئینسانی فاسق بووینە، نوێژی جومعە و جەماعەت و زەکات و رۆژی و حەج و صەدەقات و خەیرو بەس ئەوەندە بووە قیچەك نەقصیان هەبووە لە صیغەی تەطبیقی ئەو ئیمانە بە عەمەلی صالح، لۆیە ئەو ئەئیممانە مواجەهەیان کردینە و بە جیهادیش دایاننایە، لە زەمانی ئیمامی ئەحمەد مومکینە ئیمامی ئەحمەد هەمووتان ئەغلەبتان یاخود مودارەسەتان کردیە، کە لەسەر گۆشتی ئەو

حەیوانە یا ئەو نەوعە طەیرە میخلەبی هەیە نینۆکی هەیە، سوڵتان حەزی لێیە ئەو گۆشتە بخورێ، لە ئیمامی ئەحمەد طەلەب دەکا تەحلیلی گۆشتەکەی بکا، فیعلەن گۆشتەکە شوبهەیە ئایا حەڵاڵە یان نا، یەکسەر ئیمامی ئەحمەد دەرێ نەخێر حەرامە نابی بخورێ، فتووای لۆ دەدرێ سوڵتان ئەمر دەکا ئەگەر هاتوو ئیمامی ئەحمەد لە قسەی خۆی پەشیمان نەبی چل جەلدەی لێبدرێ، ئیمام ئەحمەد صاحێب میمبەر بووە، صاحێب مەوقیف بووە، پیاو بووە، (مِنَ الْمُؤْمِنِينَ رِجَالٌ) (الأحزاب 23)، لەوانە بووە نەك هەموو موئمینەك ریجال بی، یەکسەر تەصەدی ئەمری سوڵتان دەکا، سوڵتان دیسان ئەمر دەردەینی ئەگەر هاتوو پەشیمان نەبتەوە ئەگەر جەلدەکانیشی لێدرا، لە مەنطیقەکی عام جەلدەی لێبدرێ، وەکو مەلعەبی هەولێرێ، شەعب هەمووی حازر ببی لە بەغدا، فیعلەن جاڕ دەدرێ شەعب هەمووی حازر دەکرێ لە پێشەوان جەلدەی لێبدرێ، ئا ئەوەی کە جەلدەکەی لێدەدا جەللادەکە گۆشتی حەیوانی لە پێش دادەنێ، بە دزی بە گێی دەرێ یا ئیمام بیخۆ ئەوە گۆشت تەیرەکە نییە کە ئەتو خۆت فتوات لۆ دەرهینایە حەرامە، ئەوە گۆشت حەیوانە بە دزی ئەمن لۆم هینای، دەرێ کورم ئەگەر خواردم ئەو هەموو مەجموعە ئینسانە ئەوها تەصەور دەکا ئەمن گۆشتە حەرامەکەم خواردییە، ئەوها بووە ئیمانیان.

خۆ لەگە طەواغیت نەبووە، کابرا بەعسی بی یا غەیر، یا غەیر نەخێر، ئیمانەکە لەناو قلوبی وانە، لەو نەوعییەتە نەبووە، لۆیە لە صیراع دابووینە، موحاوەلەیان کردییە عاممەش لە موستەوای ئیمانی جیلی صەحابەی بی، رایان لە عاممەی نەبووە، لۆیە ئەغلەبیان مونعەزیل بووینە، ئەغلەبیان مونعەزیل بووینە، حەیاتی عاممەیان نەکردییە، لە تەقواش پاشی ئەو ئیمان لە قیممە دابووینە، هەر لە زەمانی ئیمامی شافیعی لە زەمانی وی مەڕەك دەدزرێ، یەك مەڕ دەدزرێ دەپرسی لەشوان، مەر چەند سار دەژی، جوابی دەداتەوە ئەقصای عومری ٧ سالە، ٨ سال، ئەو کابرایە گۆشت حەیوان ناخوا گۆشت بەرخی ناخوا نەك بە تەصەوری لەناو مەملەکەتی خۆی ئا ئەو گۆشتەی کە دەیدرێتی، ئەو گۆشتەی ئا ئەو حەیوانەی، کە وەختی خۆی دزرابی، ئیمانیان ئەوها بووە، ئەوە ئیمانە، ئەو تەقوایە دروست دەکا، وە شکوکیش نەبوینە ئەو ئیمانە بەو طەریقەیە دروست دەکرێ، لۆیە بەحسیان نەکردیە چونکی هەتا جیلی تابیعینیش تەرتیبی نزولی قورئان لەکنیان ئەصل بووە، وە تەوقیفیش بووە، مەشکوك نەبووینە لەوەی بە قەناعەتی سەتا سەتی خۆیان.

پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) رب العالمین موفاتەحەی ئیمانی دەکا بەو طەریقەی موفاتەحەی دەکا، وە پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) کە ئەصلەن قورئان دەلێ ئیمانی پێغەمبەری پێشی وەحی وەکی ئیمانی پێغەمبەری نەبووە پاشی وەحی، باشە ئەو ئیمانە کو دروست بووە، عەن طەریقی

تەرتیبی نزولی قورئان، یەکەمین جار سورەتی (علق)، بە سورەتی (علق) پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) ئیمانی دروست دەبی لەناو قەلبی ئیتیصال دروست دەکا لەگەر رب العالمین، ئیذەن ئەو ئەئیمانە مەشکوك نەبووینە لەوەی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) ئەوە حەقیقەتی بووە، وە جارێ سورەتی نور و سورەتیتیکەی مەدەنی نازل نەبووە جەمعی صەحابە حەتتا صەحابی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) بە قیممەی ئیمان لەناو مەککە دروستیان دەکا بە چ؟ غێر بە تەرتیبی نزولی ئایات، ئەو ئیمانە دروست دەبی، پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) حەتتا لە مەککە ئیخراج دەکرێ لەبۆ مەدینە، ئەو قورئانەی پێ نەبووە ئێستاکە ئەمە لەبن دەستمانە! نەك لە خزمەتینە، لەبن دەستمانە! ئەوەی پێ نەبووە، ئیننەما بە تەرتیبی نزولی قورئان قورئانی پێبووە، ئەویشی نەقل کردیتە مەدینە، هەر ئەوی پێبووە، ئەوە ئیجماعی ئوممەی لە سەر هەیە، ئیجماعی صەحابەی لەسەر هەیە، ئیجماعی تابعین، تابع التابعین ئەئیمەی سەلەفی لە سەر هەیە، لە چ جێیەك ئیبن تەیمییە رەحمەتی خوای لێبێ عەکسی وەی بەحس کردییە، نییە ئەوە ذکر نەکرایە.

ئەو ئیمانەی کە ئێستا بەحسی دەکەین ئەمە هەر ئەو ئیمانە بووە جەمعی صەحابە پێیان بووە، ئەو ئیمانەش وەی لێکردینە فیعلەن بە تەواوی سەتا سەت بتانن ئەوامری خوای تەطبیق بکەن کە لە دروسی پێشترێ بەحسی ئیفعەلمان کردییە، لۆیە دوو دەرسی پێشێ ئێستاش بەحسی نوێژمان کرد، ئەمەش نوێژ دەکەین ئەوانیش نوێژیان کردییە، باشە عەجەب لۆ نوێژی وان ئەبەو نەوعەی بووە، لۆ نوێژی مە بەو نەوعەیە.

لۆ فیعلەن ئیمامی شافیعی و جەمعی ئەئیمەیتکە، ناوی ئا ئەو (الله أکبر)ەی کە لە بیدایەت لەناو نوێژێ دەگوترێ ناویان نایە تکبیرة الإحرام یەعنی چ؟ یەعنی تەکبیرەی تەحریم (الله أکبر)ی تەحریم کردن، یەعنی چ؟ یەعنی (الله أکبر)ەك کە هەموو مەخلوقاتی پێ حەرام دەبی بەس ذاتی خوای نەبی، کو ئینسانی حاجی کە دەچێتە حەج جلکەك لەبەر دەکا پێی دەگوترێ ئیحرام، جوملەك شتی حەلالی لێ حەرام دەبی، یەك لەوانە نابی سەری بتراشی حەرام دەبی لێی، ئەگەر هاتوو مووەکی لە ڕدێنی لە سمێری لە پرچی بێتە خوارێ بە غێر عەمدیش دەبی صەدەقەك فدیەك بدا، یەك کەلە موو، دەبی فدیەی بدا، پرچ تاشین ڕدێن تاشین سمێڵ کورتکردن حەرامە لێی، عیلمەن شتەکی طەبیعی و عادیشە، زۆر شتیتکەش لێی حەرامە لۆ؟ چونکی ئا ئەو جلکە ئەو شتە سپییەی کە لەبەر دەکا پێی دەگوترێ ئیحرام، شتی حەلالی لێ حەرام کرایە لەبەر ذاتی رب العالمین، ئەوە تەعەبودە.

ئەئیمەی شەوافیع ئەو (الله أکبر)ەیان ناو نایە تکبیرة الإحرام لۆ؟ لە صەحابەیان وەرگرتییە، خۆ ناوی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) ئەوها ناوی لێنەنایە، حەدیس نییە برێ ئەوە تەکبیرەی ئیحرامە،

تەكبیرەی ئیحرام لە تەحریمەوە هاتییە، مەعنای تەحریم چییە؟ یەعنی هەر چی مەخلوقات هەیە ماعەدای ذاتی رب العالمین نابی لە مێشكی ئەو كابرایەی بمینێ، هەمووی حەرامە، باشە ئەو قەناعەتە كو دروست دەبی، ئەگەر فیعلەن ئیمان بەو نەوعەی نەكرێ كە پێغەمبەر (صلی الله علیە وسلم) بەو حەیەوییەتەی نەقلی كردییە لەبۆ جەمعی(الذین آمنوا معە)، تابعین ئەگەر بەو نەوعەی نەقلیان نەكردبی و قبولیان نەكردبی، بە چ نەوعەك ئەو نوێژەیان ئەدا كردییە؟!

عیلمەن مەعلومتانە ئەمە كە وەكی دەرێین الله أكبر چ نەوعە صورەك و مەظاهر دێتە پێش چاومان، وەنییە؟ هەموومان گەنجین، هەمووشمان تووشی ئیثم و گوناهـ بووینە، توخوا ئەگەر لەگەر یەك صادق بین ئا ئەو صوەرە پیسانەی كە وەختی خۆی تەمەشامان كردییە لەقەطاتی ناشرین و ناخۆش، ئەگەر تەقواشمان هەبووبی بەڕۆژیش بووبین ئەو ڕۆژەی، ئیللا شتەك دێتە مێشكمان حەدەثەك، موشكیلەك، موحتەمەلە پێشی دە سالّی بووبی، ئەمن لەگەر رەفیقەكم لە ئیبتیدائی شەرەكم كردبی، كەینێ دەرێم الله أكبر ئەو وەختی شەیتان ئەوی دینتە ناو مێشكم، كێهانمان ئا ئەو سێ دەقیقەیەی كە نوێژەكەی تێدا مەوجودین لەناو نوێژێ ئەو سێ دەقیقەیە دەقیقەكی لەگەر خوایە، ئەگەر صادقن لەگەر یەكتری و صەریحن لەگەر یەكتری هەموومان ها؟

باشە پێغەمبەر (صلی الله علیە وسلم) ئەوها بوو؟ سوئالە ئەوە، باشە ئەبوبەكر ئەوها نوێژی دەكرد؟ سوئالە دیسان، تەصەور دەكەن ئەبوبەكر بەو نەوعەی بووبی، ئیمامی عومەر (الله أكبر)ی كردبی تەحریمی ئیحرامی كردبی تەكبیرە لات و هوبەل عوززای دێتە پێش چاوی، یا عەرەقی دێتە پێش چاوی، یا گەرەكەكانی ناو مەككەی دێتە پێش چاوی، تەصەور دەكەن لا (والله)ی موستەحیلە ئەوها بووبن، چونكی قورئان ئیقرار ناكا بە حالەتیان ئە بەو نەوعەی، ما عەدای وەی لەناو نێژێ كو بووینە خاریجی نوێژێش ئەوها بووینە، چونكی ئەوان وەكو جەماعەتی مەسیحییەكان نەبووینە بەس لەناو كەنیسە خۆیان بناسن ئاگایان لە خوای بمینێ، ئەمە لەناو مزگەفتێش فكرمان دەروا لەناو نوێژێ فكرمان دەروا، مەخسەدمان لە صیغەی دروستكردنی ئیمان ئا ئەو حالەتەیە، كە ئیمامی عومەر و صوهەیب و عەممار و عەبدالرحمن كوری عەوف لەسەری بووینە، بەس هەر ئەوەندە چی تازەمان نەهینایە، محەممەد رافع چی تازەی نەهینایە قەناعەتتان هەبی، وجودەك تیكرارە، تیكراری حالەتی زەمانی پێغەمبەرە بە قسە ئیعادەی دەكاتەوە هەر ئەوەندە.

نوقتەكی دیكە ئەو كوتوبانەی كە ئێستا مەوجودە بەعزە برا ئیستیفساری ئەوەیان كردییە جوملەك لە كوتوب هەیە بەحسی ئیمان و بەحسی عەقیدە دەكا، ئا ئەوانە، ئەو برادەرە دانیشتییە ئەو قسانە دەكا لەو كیتابانەدا نییە سەبەبی چییە، جوابەكەی ئەوەیە، فیكری ئیسلامی وە خاصەتەن قورئانیش لەبەر

ئەوەی خوا حفزی کردییە بە کەلیمات، ئەمما کوفر تانیتی بە طولی تاریخ بە شەیطەنەتی خۆی حالەتەك دروست بکا، حالەتەکەش ئەوەیە نەك قورئان بە ذاتی ئیزاحە بکا لە وەصەتی ئیسلامیی، عەفوەن، ئیننەما بتانی هەرچی مەفاهیمی قورئانی صەحیحە لە سەتان نسبەکی زۆر ئیزاحە بکا لە فیکری ئیسلامی، لۆیە قەناعەتتان هەبی کەلیماتی ئەو قورئانە کە بە لوغەی زەمانی پێغەمبەر دابەزییە، لوغەی عەرەبی ئێستا لە سی لە سەتا تێدا نییە، زمانی عەرەبی ئێستا، ئێستا بەو قەواعیدەی کە لە بەغدا قسەی پێ دەکرێ، قەواعید ها نەك جولفییەکە، یا لە مسر حەتتا لە ئەزهەر قسەی پێ دەکرێ لە جامیعات، لوغەی ئەو قورئانە نییە، لوغەی قورئان لوغەکی خاصە، کوفر تانی بە طولی تاریخ مەعانی قورئان بگۆری، لۆوەی فیعلەن مەفهوم لە قورئان بگۆرێ، یەعنی مەعلومتانە برێن ئەوە ئاسنە ئەوە ئاسنە بلێین، بیلا تەشبیهـ حەققەك مەصدەرەکی حەق بلێ ئەوە ئاسنە، ئەمما شەخصەك بێ لێرە پەیا ببی نەچی شتمان پیشان بدا ئەمما برێ ئەوە بەردە، ئەوە بەردە ئەوە بەردە ئەوە بەردە دەی سەبر سەبر تیکرار تیکرار وەی لێ بێ برێین فیعلەن ئەوە بەردە، جیلی پاشی مە بێ بلێ ئەوە بەردە، لە قورئان ئەو ئیشە کرایە بەلێ، طەبعەن مع الأسف.

مەثەلەن؛ زۆر بەسیتە کەلیمەی تاغوطتان گێ لێبووە، هەمووشتان دەزانن.

باشترین طەریقە طەریقەی پێغەمبەرە (صلى الله عليه وسلم)، صەحیحترین طەریقە لۆوەی خۆمان لە مەشاکیل و موعاناتی فیکری، ما يسمونه بفكرالإيماني بە دوور بێخین طەریقەی پێغەمبەرییە (صلى الله عليه وسلم)، حەتمەن رب العالمين زانیتی ئەو ئەسالیبانە جەمعی موئمنین تووشی فیتەن و ئیبتیلائات دەکا، لۆیە بەس بەو طەریقەیە ڕازی بووە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) ئیمان دروستکا لە قەلبی، بەس بەو طەریقەیەش ئیمان تەقدیم کا، عەفوەن لەبۆ جەمعی (الذين أمنوا معه) رب العالمين کو قورئانی هینا ئاسمان، سەر ئاسمانی دونیا لە یەکەمین شەو، دەشیتانی ئەوها بینتە بن دەستی پێغەمبەری، پێی برێ ئەوەندەی لێ سەحب کە، ئەورۆ دەرسی عەلەقتە، کەلیمەی سورەتی (علق) سەحب کەو بخینە، عیلمەن قورئانیش لەبن دەستت بی قەیدی ناکا.

وەکو حەزرەتی موسا، وەکو حەزرەتی عیسا ئەوها بوو، ئەلواح هەمووی پێکەوە هاتە خوارێ، سەبر سەبر دەهات تەطبیقی دەکرد، ئەمما باشە لۆ رب العالمين بەس هێشتی لە عاسمان، عیلمەن پێغەمبەر نەیدەزانی پاشی ئەو سورەتەی چ دێتە خوارێ، کێهان سورەت دێتە خوارێ کە سورەتەك دێتە خوارێ پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) ئیمانی پێ دەینی، دەیکاتە عەمەلی صالح تەقدیمی دەکا لەبۆ موجتەمەع ئەوجە جەمعی (الذين أمنوا معه) لێی وەردەگرن تەطبیقی دەکەن ئەوانیش وەکی وی، رب العالمين دەیتانی یا نەیدەتانی وەکو تەورات و ئینجیل بیکا؟ ئەمما نەیکرد، حەتمەن دەیزانی رب

العالمین ئەگەر صەحیحترین طەریقە ئەو طەریقەیە نەبی وەکی تەورات و ئینجیل دایدەبەزاند، لۆیە مەعەلئەسەف ئەو کوتوبانەی کە لەسەر ئیمانیش باس کراینە و نووسراینە، حەتتا کوتوبی عەقائیدیش، بەحسی ئیمان دەکا بەحسی موصطەلەحی ئیمان دەکا، بەحسی دروستبوونی ئەو موصطەلەحەی دەکا لە قورئان کو هاتییە بە چ طەریقەك هاتییە چەند جار هاتییە دەلالاتی چییە، ئەمما بەحسی ئەوەی دەکا کو ئەو ئیمانە دروست دەکریَ؟ ئەوە سوئالی یەکەممە: لە چ کیتابەك دیتیتتان ئەوەی؟

دووەمین: ئایا گۆتیتی بە چ طەریقەکی دروست دەکریَ؟

سێیەمین: بە چ وەسیلەکی دروست دەکریَ؟

ئەوەیە مەوزوعی مە هەتا ئێستا، شەش دەرسە ئەمە ئەوانە بەحس دەکەین فەقەط، ئیمان کو دروست دەکریَ؟ ئیمان چییە خۆی؟ پاشان بە چ طەریقەك دروست دەکریَ وەسائیلی ئیمان چییە؟ هەتا ئێستا ئەوانە بەحس کرایە، باسی ئەوەمان نەکردییە ئیمان لە ئیسلامە، ئیسلام لە ئیمانە، فلان... الی أخرە، نەخێر، چ کیتابەکیش لەبن دەستمان نییە فەقەط قورئان نەبی، ئەمما ئایا ئەئیمە بەوەی داچووینە یان نا؟ بەلیَ مەوجودە کوتوب مەوجودە (ان شاءالله) وەکو عەرزم کردن پێشتریَ، ئەوەی ئیشکالاتی لەو مەوزوعەی هەیە (ان شاءالله) لەخزمەتینە مەصادری نیشان دەدەین، ئەخیریان رەحمەتی خوای لیَ بی سەبیدە، رەزای خوای لێبی، کە بەحسی طەریقەی قیرائە دەکا لە قورئان، لە سورەتی یونس لە سورەتی فورقان ئەوەی ضیلالی لە مالیَ هەیە با بچی موراجەعەی بکا، سورەتی یونس حەتتا تەفسیرنشەش موجەللدەکەی دەکەی صەفحەی هەزار هەشسەت و هەشتا و هەشت بە حسی قیرائە کو کو پێغەمبەر (صلی الله علیە وسلم) قیرائەی کردییە، کو ئیمانی دروست بووە، کو پاشان ئەو ئیمانەی تەقدیم کردیتە (الذین أمنوا معە).

ئیذەن ئەوەی لێرە بەحس دەکریَ بیدعە نییە شتەکی گیرفانیش نییە، تازەش نییە موکەررەرە، پێغەمبەریش (صلی الله علیە وسلم) هەر ئەوەندەی کردییە، ئەوەندەیە ئەمە کە ئەو طەریقە وەردەگرین ئەو وەسیلە وەردەگرین، ئەوجە؛ پاشان دەچینە سەر ئەو کوتوبانە، ئەگەر ئیستیفادەی لێبکەین نەخۆ قورئان کەفیلە لەبۆ دروستکردنی ئەو ئیمانە، کو لە بیدایەت گوتم: ئەوەی قەناعەتی بەوەی نییە قورئان ئەو نەوعییەتە دروست ناکا دەبی موراجەعەی خۆی بکا، ئەوە جوزئەکی کوفری لە قەلبی دایە والعیاذ باللە.

یەعنی زۆر نادیر دەرێ شتم بە خەیاری دادێ، فیعلەن ئیحساس دەکەم کە دەچمە ناو نوێژێ الله أكبر فیعلەن لەناو جیهازەکیمە، جیهازەکە دەمباتە خزمەت باری تەعالا، خودا وەمان لێ بکا یا ڕەبی لەبۆ خاتری گەورەیی خۆی، (ان شاءالله) تەعالا بەلێ.

(پرسیار)، جواب؛ وەڵلاهی چەندت پێدەکرێ زیاد دانیشی ئەوەندە چاکترە بەرێ، سێ سەعات دانیشە ئەتو، سێ چارێگ دانیشە ئەتو ئەمن مەمنونم بەرێ، پاشان ئاخر سورەتەکە (إِنَّ رَبَّكَ يَعْلَمُ أَنَّكَ تَقُومُ أَدْنَى مِن ثُلُثَيِ اللَّيْلِ وَنِصْفَهُ وَثُلُثَهُ) ثولثەکی، ئەگەر ئەمە پێمان بکرێ شەش سەعات دانیشین، عیلمەن فیعلەن جیهازمان لەبۆوەی دروست کرایە، مەثەلەن پێش حەفتەکی ئەمن بەخۆم تەجوربەم کرد، کیتابی روایم لەدەست دەگرت هەتتا سەعات چاری شەوێ، باوەرکەن تەققەی سەرم دەهات، هیچ گێم لێنەبوو، چونکی حەزم لە شتەکەیە، نە باوەشکەکم بێ، بە یەك دوو برادەرم گۆت فلیمی ببەنە مارێ، فلیمی ئەو شەر و مەعارك و ئەوانە، دەیانگۆ ئەمەش باوەشکمان نەهاتییە هیچ، ئیذەن فیعلەن جیهازەکە لەبۆ وەی دروست کرایە، ئەمما ئەمە غیرەتمان کەمە، لۆ کابرای کوران و حەی عەسکەری و ناو بازار تاق تاق هەتتا سبەینێ و دۆمینە و دامەی دەکا گێشی لێنییە، مەجموعە جیرانەکمان هەیە ئەمە باوەرکە مولاحەزەم کردییە دوازدە سەعاتی رەبەق لەسەر یەك چینچیکی دادەنیشی هەرناستی هیچ، مندار دێ کورە بابە شیو سارد بوو پێمان ناخورێ، گێی لێنییە، لۆ لۆ وی ئەوها عادی بی و زۆر طەبیعی بی لۆ لۆمە زەحمەت بی، عیلمەن ئەصلەن لەبۆ وەی مەخلوقین ئەمن و ئەو وەنییە، چونکی ئەو حەزی لێیە شەیطانیش واز لەمن ناینی، قیچەك غیرەتم هەبی لەسەر شەیطانی دادەنیشم کەما یریده الله ئەوهاشم لێ دروست دەکرێ کما یریده الله، لۆیە دەبی موصعەب و عەممار و صوهەیب و عەبدولرەحمانی کوری عەوف ئیعادەتە ببتەوە، هەتتا نەوعی ئیمانی وان ئیعادە نەبتەوە فایدەی نییە، چمان پێناکرێ ئەمە.

(پرسیار): جواب؛ نەفسی سوئالی ئەو برایەیە جەنابت قیچەك موتەغاییر ترە، ئەگەر هاتوو ئەمە، طەبعەن سوئالی ئەو برایەی وەختی خۆی صەحابەکان لە ڕێی پێغەمبەرەوە ئایاتی خوایان پێدەگەیشت، ئێستا پێغەمبەر وەفاتی کردییە، لەجیاتی پێغەمبەری با ئەمە لەرێی کیتابان بگەین وەنییە، لەرێی کیتابان بگەینە ئیمان، مەخسەدت ئەوەیە؟ بەلێ، لۆیە گۆتم ئەگەر بهاتبا لەگەر قورئانەکەی باری تەعالا بیزانیبایە مولحەقەکی لەگە بنێری چاکتر بی لەبۆ شەرحی قورئانەکەی دەینارد، نەینارد، موطمەئیننی لەوەی کە قورئانەکە کافیە، هەموو شتەکی تێدایە، وە خاصەتەن قەواعیدی ئیمان موطمەئیننی لەوەی، پاشان جوملەی صەحابەی کیرام بیلا تەشبیهـ پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) بەس رەسول بوو، پێغەمبەر بەس رەسول بوو، یەعنی رەسول چ، کەلیمەی رەسول لە ریسالەوە

هاتییە، ریسالە یەعنی پەیام، کو کابرای بەرید بیلا تەشبیهـ مەکتوبت لۆ دەینی حەقی ئەوەشی نییە بیکاتەوە، بیلا تەشبیە پێغەمبەریش هەر ئەوەندەیە (صلی الله علیه وسلم) بەس رەسولە دەینی ئا ئەو ماددەیەی تەقدیمی تو دەکا، عیلاقەی پێدا نییە، لۆیە پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) قورئانی لەبۆ هەموو بەشەریەت هینایە، ئەمما جولەکەکان وەری ناگرن، مەسیحیەکان وەری ناگرن، لەبۆ هەمووی هینایە، لەبۆ صەحابەشی هینایە لۆ مەشی هینایە، لەسەری بەس تەقدیمەکەیە موجەرەد، کە تەقدیمی کرد ئێستا لەکنە مە مەوجودە ئەوەتە، ئەمن موئمینم بەوەی ئا ئەوەی ئەبوبەکر وەریگرتیە هەر ئەوەندە بووە، ئەتوش ئیمانت بەوەی هەیە، وەیە یان نا، چ مەعرەزی لۆ نەکردتەوە پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) چ کورسی و مێز تازە بەحسمان کرد لۆیانی نەکردتەوە، بەس هەر ئەوەندەی نەقل کردییە لۆیان ئەوانیش یەکسەر دەستیان بەخۆیان کردییە خۆیان لەسەر خۆیان ئیێشیان کردییە، دەزانی ئەمە چمان دەوێ، موشکیلەی مە ئەوەیە، ئەو جوهدەی کە مەطلوبە لەمن لەسەر خۆمان صەرفی کەین دەمانەوێ وەکو بیلا تەشبیهـ صەیدەلیەك هەبی، حەبی لەناو داندرایە ئەو حەبە ئی سەر ئێشەیە ئەو حەبە ئی زگچونە ئەو حەبە فلانە حەبەکیشی تێدا هەبی ئیمان دروستکا، ئەمەش ئۆتۆماتیکی بچین شوشەکەی وەگرین لەپێش خۆمانی دانێین قلەکی قوت دەین لەگە ئاوەکەی، ئەوجە دانیشین ئیمان دروست ببی، ئەوە موستەحیلە نابی، چونکی فیعلەن دەبی کابرا لەگەر زاتی خۆی جوهد صەرف کا، یەعنی زۆر سەیرە بەدیهیشە سوئالەکە.

پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) لەگەڵ سی صەحابەی لە دار الأرقم دادەنیشی هەژدە سەعات سێ ساڵی رەبەق، چییان کردیە ئەوانە؟ سێ ساڵی کامیل، سێ سەت و شێست و پێنج ڕۆژ لە هەر ساڵەکی سی صەحابی، تەقریبەن هەشت مەتر بە دە مەترە غورفەکە، سی نەفەر دانیشتینە، صەحابەکان دەگێرنەوە، پاشان؛ ئەوانەی کافر بوون پاشان موئمین بوون دەیگۆ: نزیکیان دەبووین، نزیکی غورفەکەی دەبووین بەس دەنگی منە منیان دێ، وەکو شانەکی مێشەنگینەکی بی، گزە گزیان دێ هەر ئەوەندە نازانین لە ژۆرێ چ هەیە، یەعنی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) دانەنیشتبوو ئەوانەی دابنێ و هەستی دروسیان لۆ شەرح کا، قەمەر ئەوهایە و رۆژ ئەوهایە، فلان ئەو هایە و نەء، کە ئایەتەکە دەهات علیه الصلاة و السلام دادەنیشت وەحی لۆ دەهات، پاشان یەکسەر تیکراری دەکردەوە، لە زەمانی موبارەکی وی صەحابە جولی وەریاندەگرت، کە وەریاندەگرت وەکی قانونەکی دەهاتن تەطبیقیان دەکرد، إقرأ کە دەهاتن دەیان پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) ئەبوبەکر ئیستیلامی دەکرد اقرأ دەچوو لە مالی (اقرأ)ی دەکرد، سەببیح دەچوو لە مالی سەببیحی دەکرد، قم اللیل لە مارێ دەچوو قیام اللیلی دەکرد، ئیذەن دەبی لەگە خۆمان ئەمە جهود صەرف کەین، بیزانیبایە باری تەعالا

خێری تێدایە حەبەکی دروست کا لەبۆ ئیمان دروستکردن، بەخوای دروستی دەکرد، ئەمما دیارە خێری پێوە نەبووە واضحە برای من، لۆیە لەسەر من ئەوەندەیە ئەو جهودەی صەرف کەین، ئەمما ئەگەر هەر نەمانکرد با ئەوە هەر لەناو گیرفانی من بی، هەر لەناو گیرفانم بی، هەر لەناو کفنم بی، چم لۆ زیاد دەکا ئەوە ئەگەر فیعلەن تەحویل نەکرێ لە مێشکم، تەحویلی کەم لەبۆ مێشك لە مێشك لەبۆ قەلب، ئەوجە عەمەلی پێبکەم، ئەها چەند جار تیکرارمان کردییە قاعیدەی قورئانی (أمنوا وعملوا) ئەوجە (الصالحات) هەمووی دەبی ئیمانی پێبینم، ئیمان کو دێ دەبی جهودی لۆ صەرف کەم.

دانیشم ئەرێ وەڵلا وەکی ئەها وەکی مراکی لە شیوی دەکەم نایبەمە لای گێم، یەکسەر لۆ دەوم دەبەم، هەزار موشکیلەشم هەبی هەر لۆ دەوم دێ وەنییە؟ کەست دیتیە مراکی لۆ گێی ببا؟ ئەوە مومارەسەی کردییە، بوویتە حالەکی بەدیهی، دەبی ئیمانیش ئەوەندە مومارەسە بکرێ لۆ وەی ببتە حالەکی بەدیهی، ئەوەندە تیکراری کردیە ئەوەندە تیکراری ئیعادەی کردیە لەگەر ذاتی خۆی، واضحە برای من ئا ئەوەیە، هیچ حەللیتکەش نییە، ئەمن لەتو زۆر موحاوەلەم کردیە جهودم صەرف کردییە بەشکو ئێهـ عەسا وە لەعەللا نەم ویستییە هیچ، بەرێ ئەگەر دەشزانی طەریقەك هەر هەمووومان، دەشزانی طەریقەك (ان شاءالله) با یەکتری فێرکەین ئەوە بکەین.

(پرسیار دەنگی دەرنەچووە): جواب؛ باشە ئەو برادەرانە.. برای شیرینم فکریان لەوەی نەکردیە ئەبولەهەب لە زەمانی پێغەمبەری بوو مامیشی بوو، ئەمما ئەبوبەکر کە تەماشای پێغەمبەری دەکرد موحەممەد (رسول الله)ی دەدیت، ئەبولەهەب کە تەماشای پێغەمبەری دەکرد موحەممەدون (عبدالله)ی دەدیت، یەتیم و ئەبا طالبی دەدیت واضحە، ئەو موعجیزاتانەی ئەبولەهەب لە پێغەمبەری دیت ئەبوبەکر ئەوەندەی لێ نەدیتیە، ئەگەر مەخسەدی ئیعجاز بی، ئەوەتە لە بوخاری هەر بوخاری بکەوە شەسەت و قسور حەدیث، شەسەت عەدەدی شەسەت و قسور لە تەجوید صەریح بەحس دەکا، ئا ئەوانەی ئەبولەهەب لە پێغەمبەری دیت ئەبوبەکر نەیدیتیە، هەها پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) لەناو بەیت بوو زۆر حەدیثەکە موکەرەرە زۆر گێتان لێبووە، کابرایەك دێ لەلای پێغەمبەر شکات لە ئەبو جەهل دەکا شکاتی لێدەکا، دەرێ ئەبو جەهل پارەی خواردیمە پارەم نادا، لەو هەموو عالەمەی دەچی یەقەی پێغەمبەری دەگری، ئەویش پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) بە پێشی دەکەوی لۆ لای ماری ئەبو جەهلی، تەپ تەپ لە دەرکەی ئەبوجەهل دەرکەی دەکاتەوە ئەمر کە، دەرێ پارەی ئەو کابرایەی، بەرێ سەمعەن وە طاعەتەن یا موحەممەد، یەکسەر دەچی پارەکەی لۆ تەسلیم دەکا، دیارە دەروێش و مەروێشی هەبووە لە دەور و بەری ئەبوجەهلی، دەرێن هۆو ئەتو عەنتەر و هەڵلا هەڵلاو

فس فس پاڵەوان، خۆت دەردەینی ئێستاش لەپێشی ئەوها بوویە ئەوەك، دەرێ ئاخر ئەوەی ئەمن دیتم ئەنگۆ نەتاندیت، لە ڕیوایەتەك دەرێ شێرەك دەوی کردبۆوە بەقەد زەلامەکی، لە ریوایەتەکی دیکە دەفەرمی فەحل، حوشترەك ئەوها دەوی کردبۆوە بەس بمگۆتبا نا قوتی دەدام، ئەبوجەهل بوو وەنییە.

موشکیلەکە ئەوە نییە ئەمە ئیعجاز ببینین، موشکیلە ئەوەیە ئەمە فیعلەن لەگە خۆمان جهود صەرف ناکەین، عیلمەن ئەبوبەکر ئیحتیاجی بە هیچ نەبوو، بووە ئەو موئمینەش، موصعەب ئیحتیاجی بەهیچ نەبوو بووە ئەو موئمینەش، موشکیلەی مە ئیعجاز نییە موشکیلە ئەمە موقنعین بە شتەکە کە مەعریفە وەکو کابرای دختۆر مەعریفەتمان هەیە، خوا ئەرێ والله خوا دەمانبینی ئەرێ والله خوا دەمانبینی، خوا گێی لێمانە بەلێ ئەوانە هەموو دەزانین ئەمما وەکی دختۆرەکەی وەکی دەچینە خزمەتی دەرێ جغارەی مەکێشە جغارە خراپە خۆشی جغارەی لەدەستە، هەر خۆی فیعلی فیعلەکەی خۆی بە درۆزن دەردەینی، ئەگەر فیعلەن ئەتو ئەگە صادق بای لەگە عیلمەکەی لەگە خۆت صادق دەبووی، واضحە برای من، ئەمە وەمان لێهاتییە حاشاکی ئەغلەبمان وەمان لێهاتیە، یەعنی ئەگە بێین فیعلەن ئەمن ئەمن شەوێ وەکو ئەو برادەرەی سێ چارەك نەك سێ سەعات هەستم دانیشم، دەست نوێژی نەشۆم هەر لەناو لەبن بەتانییەی لەبن جێی ئەوها پاردەمەوە، تەصەوری ئەوە بکەم خوا دەمبینی بەس دەمبینی، (أَلَمْ يَعْلَمْ بِأَنَّ اللَّهَ يَرَى)(العلق 14) بەس خوا دەمبینی، توخودا بە ڕۆژەك دوو سەعاتیش بەفکرم بێ لەو دوو سەعاتەی چ دەکەم کە خوا پێی ناخۆش بی وەیە یان نا، نایکەم.

ئیذەن ئا ئەو بینائە تەدریبە شەوییە بە شەو دەبتە خەزینەك لەبۆ رۆژ، وەکو بانقەکی بەرۆژ لێی سەحب دەکا صەرف دەکا، ئەمما ئەمن لە داخیلی خۆم موحتەمەلە لەگە خۆم ماندی نەبووبم کە خوا دەمبینی، (أَلَمْ يَعْلَمْ بِأَنَّ اللَّهَ يَرَى)، وەکو بەحسمان کرد لە ئەسماء و ئەفعالی خوای، کە ئەوها لەگە خۆم جهودم صەرف نەکرد بی، بەلێ تەماشا دەکەم لە قورئان نووسرایە: (أَلَمْ يَعْلَمْ بِأَنَّ اللَّهَ يَرَى) تەققەی سەرم دێ، سەت جار لەسەری خیندیتمان و پازمان دایە، چەند جار خیندیتمان خوا رەقیبە چەندجار خیندیتمان خوا حەسیبە چەند جار خیندیتمان خوا مونتەقیمە، لە گوناهـ ترسانە لۆ یەکەکی وەکی ئەبوبەکری گوناهی نەدەکرد، ڕۆژەك خەدەمەکەی، خادمەکەی ئەوەندە جامەك شیری لۆ دینی ئەبوبەکر دەیخواتەوە، پاشان کە دایدەنێتە سەر عاردی دەرێ والله ئەو شیرە ئی سحری بوو، سحرم کردبوو لۆ فلانی، درۆم کردبوو شەعوەذەم کردبوو، ئەویش موقابیلی وەی ئا ئەو جامە شیرەی دامێ، بەس لەبۆ وەی فیعلەن شیرەکە خۆ ئیویش نییە بە هەدیە دایتیێ ئیشتیباهی تێدایە نەك حەرامە، ڕشاوە ئەوەندە لەگەر خۆی جهودی صەرف کرد قیچەك مابوو بفەوتێ بمری، هەرچی مەعیدەی هەیە لەگەری ڕشانەوەکەی بینیتە دەرێ، چەند سەعات بەوە خەریك بوو کە ئەخیر زەرە لە

شیرەکەی ئەگەر لەگە بەدەنی تێکەل بووبی لەناو مەعیدەی تێکەڵی شتیدیکە بووبی فڕێیدا، نەخۆش کەت چەند ڕۆژ لەسەری بەس شوبهە ها نەك حەرام.

لۆیە تەحەددا دەکەم یەك برێ صەحابیەك لەوانە نەزەرەکی کردبی، زینایەکی کردبی، ئا ئەوانەی کە پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) لەگەریان ماندی بوو لە مەککە، ئەمما بەرێ تەرتیبی نزولی قورئانیان تەطبیق نەکرد لە مەدینە صەحابە زینای کرد، چونکی هاتە ناو دین مزگەفت مەوجود بوو نوێژ هەبوو، ڕۆژی هەبوو، تەطبیقی ئەو تەرتیبەی نەکرد، لۆیە جیهازی داخیلی خەلەلی تێدا هەبوو، باری تەعالا ناوی لە خەلەلەکەی نا مەرەض، (الَّذِينَ فِي قُلُوبِهِم مَّرَضٌ) (التوبة 125)، کابرا خۆشی بە موسلمان دەزانی لۆیە صەحابی بوو ماعەز زینای کرد زۆر طەبیعی بوو، لێی پرسی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) لەو حالەتەی کە زینات کرد خوات لەفکر بوو گۆتی نەخێر واضحە برای من، ئافرەت هەبوو صەحابیە بوو زینای کرد غامریە مەوجودە لۆ بە تەرتیبی نزول لەگەر وەکی صەحابەی ئەبوبەکر و عەممار و موصعەب و ئەوانە نەبوو، لۆیە تووشی ئەو خەلەلەی بوو، لۆیە پاشی وانیش تەغیر بوو، خەلەلی گەورە تر پەیا بوو شتی دیکە پەیا بوو هاتە گۆرێ، لۆیە میفتاحەکە دیسان یاخود خەریطەکە دیسان تیکراری دەکەمەوە تەرتیبی نزول وفقی ئەو نزولە دەبی ئیمان دروست بکرێ، ما تەبەققا هەمووی نەظەریاتە و مەعریفەیە، خیندیتی و دەزانی ئەمما چ ئیستیسفادەی لێ ناکا، دەرسی ئەوڕۆمان هەتتا ئێرە ان شاءالله با بەس بی ان شاءالله حەفتەی دی ئەگە خوا تەوفیق بدا لە خزمەتتان دەبین.

اقول وقولی هذا استغفر الله لی ولکم.

(پرسیار) ئێمەفەرقمان هەیە لەکەل یەك، تێماندا هەیە کالانعام تێماندا هەیە اظل تێماندا هەیە موئمینە کەواتە فەرقمان هەیە لەگەل حەیوان ئنجا ئەمە پێمان دەڵێن: بەنی ئادەم، ئەها ماددەی ئەوەلی مەخسەدت بەلێ جەید؟

جواب؛ باری تەعالا ئا ئەو ذاتەی بە دوو مەرحەلە خەلق کردیە، مەرحەلەی یەکەم لە توراب پاشان کردیە طین، پاشان (حمأ مسنون) دەی نەفخی روحی کردیە، هەر ئەو ذاتانە بووە ئەوەی پاشان تەغیر پێ کردییە، کردیتیە جەعل ئەوە بوویتە نوطفە بوویتە عەلەقە، بوویتە موظغە بوویتە لەحم و عیظام و دەم، واضحە؟ هۆردوکی ناو نایە بە ئینسان (لَقَدْ خَلَقْنَا الْإِنسَانَ فِي أَحْسَنِ تَقْوِيمٍ) (التين 4)، کە خەلق لە بیدایەت مەرحەلەی یەکەم ئینسان بووە، ئەمما پاشان یەکسەر هاتتە خوار، واضحە؟ لۆیە ئەو ذاتەی کە یەکەمین جار ویلادەی دەبی پێی دەگوترێ ئینسان، ئەمما پاشان (عَنْ أَبِى هُرَيْرَةَ أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ صلى الله عليه وسلم قَالَ « كُلُّ مَوْلُودٍ يُولَدُ عَلَى الْفِطْرَةِ فَأَبَوَاهُ يُهَوِّدَانِهِ أَوْ يُنَصِّرَانِهِ أَوْ

يُمَجِّسَانِهِ)(رواه امام احمد)، دەبتە ئەنعام دەبتە فلان دەبتە فلان، ئەوەل جار ئینسانە کە ماددە ئەووەلییە، کە ماددەی ئەووەلی فەقەط، ئەمما کە دێ تەعامول دەکا لەگەڵ داخیل و بیئە، شەیاطین و ئینس و جن، سەیطەرەی لەسەر دەکەن، دەبتە کالأنعام، ئەمما شەرتیش نییە هەمووی ببتە کالأنعام، زۆر کەس هەیە ئێستا مەثەلەن؛ ناسە نوێژیش دەکا، فە کە باری تەعالا دەفەرمی: (يَا أَيُّهَا النَّاسُ اتَّقُوا رَبَّكُمْ) لەگەڵ ویشیتی ئەمما ئەو ناسە نابێ ناس بمینێ دەبی تەتەوڕ بکا ببیتە بەنی ئادەم، تەتەوڕ بکا ببتە بەشەر، تەتەور ببتە موئمین، واضحە؟ بوونی بە بەنی ئادەم و بەشەر و موئمین زەمەنی ناوێ، جهودی دەوێ.

مەثەلەن؛ ذاتەك لەخزمەت پیغەمبەر (صلی الله علیە وسلم) کافر بوو ئەمما لەبەر وەی جوهدی لەگەڵ خۆی صەرف کرد، یەکسەر بووە موئمین، لەو دەرەجەیەی جوهدی دەوێ، لۆیە پێغەمبەر (صلی الله علیە وسلم) سێزدە ساڵ ئەو جوهدەی صەرف کرد لەگەڵ جەمعی صەحابەی کیرام، بووینە موئمین، لەو موستەوایە لەو موستەوا بەرزە.

(پرسیارەکە دەنگی دەرنەچووە) بارك الله؟ جواب؛ صەراحەتەن ئا ئەو سوئالەی ئەوەی حەفتەی پێشتریش لەگەڵ ئەو سوئالەی ئەوڕۆ ئەمن دەیهێلمەوە لەبۆ ئەو مەجموعە کاسێتانەی کە مەوجودە لە تەسجیلات، شازدە کاسێت هەیە چۆن ئیمان زیندوو دەکەینەوە شازدە کاسێتە، دوو کاسێتی کامل بەحسی ڕەببە، یان دوو یان کاسێتەك لەسەر مەوزوعی خەلقە، کو قیرائە دەکرێ خەلق چونکی ئێستا ئەمە بەحسی ئەوەی دەکەین ئەو داخیلە دەبی زیندی بکرێتەوە، زیندی کردنی داخیلی مە (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ اسْتَجِيبُواْ لِلّهِ وَلِلرَّسُولِ إِذَا دَعَاكُم لِمَا يُحْيِيكُمْ) (الأنفال 2 (الأنفال 24) 4)، ئەو ئیحیا کردنە دەبی ئیللا عەن طەریقی قیرائە بی، کو لەبۆ پێغەمبەری قیرائە هات دەبی ئە بەو نەوعەی ئەمەش قیرائە کەین، کە قیرائەکە کرا لەبۆ مەخلوقاتی خوای کەلیمەی ڕب دروست دەبی لەناو داخیلی ئینسان، کە حالە نەك هەر کەلیمە مەعنا فۆنەتیك، کە حالە دروست دەبی بە مومارەسە کردن دەبتە ربك، دەبی هەموو ئیحساس بکەین ربی منە ربی توشە ربی فولانیشە واضحە ئەوە خەلق.

پاشان کە دێتە سەر ئەو ذاتەی ئینسان دەفەرمی علق، علق حالە وەسەطییەیە، پێشی علق نوطفە هەیە، ئیشارەت چییە لەبۆ وەی یەعنی ئا ئەو ذاتە کە خۆی ئیحساس بەخۆی دەکا فیعلەن ضەرورییە ئیمانە لەناو داخیلی خۆی زیندوو کاتەوە لە حالە وەسەطییە، موحتەمەلە عومری بیست سار بیست و پێنج ساڵ سی ساڵ لە عومر، ئیذەن لە فەترەی مەرحەلەی یەکەم دەرچووە، ئەو زەمەنە لەبۆی ئیعادە نابتەوە دیسان بچتە سەر سفر دەست پێبکا، لەو حالە وەسەطەی دەست دەکا بە قیرائە کردن، نابی ئیذەن لە حالەی عەلەقی بمینێ، نابی لە حالەی عەلەقی، دەبی تەطەور بکا لەبۆ موظغە، پاشان

عیظام، پاشان لەحم، واضحە؟ كە دێ قیرائە دەكا لەبۆ مەخلوقاتی خوای پاشان دێ قیرائەی خۆی دەكا، خۆشی دەناسی، كە گوتمان شێست و چار سیفەت هەیە هەمووی سلبیە، موحتەمەلە سی لەو ذاتەی هەبی، ئەگەر شێستیشی نەبی، كە سی یان سی مەثەلەن؛ (إِنَّ الْإِنسَانَ خُلِقَ هَلُوعاً (المعارج 19)، إِذَا مَسَّهُ الشَّرُّ جَزُوعاً (المعارج 20) وَإِنَّهُ لِحُبِّ الْخَيْرِ لَشَدِيدٌ (العاديات 8)) الى أخره، ئەوانە هەمووی سیفاتی ئینسانن كە دێ قیرائەی خۆی دەكا خۆشی دەناسی، (بَلِ الْإِنسَانُ عَلَى نَفْسِهِ بَصِيرَةٌ، وَلَوْ أَلْقَى مَعَاذِيرَهُ)(القيامة 15)، ئەو وەختی كە خۆی خۆی ناسی دەزانی خۆی لە چ نوقتەك ضوعفی هەیە، لەچ نوقتەك خەلەلی هەیە، لەو نوقتەوە ئەوجە موحاوەلە دەكا تەقوا دروست بكا، واضحە برای من ئەوانە بە موفەصەلی لە چۆنیەتی زیندوكردنەوەی ئیمان شازدە كاسێتە بەحس كرایە، بە موفەصەلی، مەفهومی كەلیمەی رب نەفسی خەلقە، بەلێ، نەفسی ئەوەم بەحس كردیە لەوێ، صەراحەتەن حەزی تیكرار و ئیعادەم نەبوو، ئەمما ئەگەر جەنابت ئیحتیاجت بی موراجەعەی ئەو بابەتە بێیە لای مەكتەبە لە خزمەتتم ان شاءالله بە موفەصەلی لۆت بەحس دەكەم، واضحە ان شاءالله تەعالا، ئەوە تەقریبەن لە هەشت كاسێت مەوزوعی خەلق و رب بەحس دەكا، حالەتی رب دروستكردن لە داخیل هەتتا ببتە ربك، (اقرأ باسم)، هەتتا ئیسمەكە مەجهولە أی اسم باسم ئا ئەوانە بەحس كرایە بە تیكرار.

(پرسیار) ئەو برایە بەحسی ئیمان و تەقوا طەلەب دەكا؟ جواب؛ ئیمان زادەكەیە تەقواش مەصعەدە ئەسانسێرە، ئیمان بلێین مەكتەبەكەیە تەقوایەكەش وەسیلەكەیە سەیارەكەیە دەیهێنتە مەكتەبەكەی واضحە، كێ ئەو سوئالەی كرد، ئیمان وەكو مەكتەبەكە وەكو مزگەفتەكە تەقوایەكەش ئا ئەو وەسیلەیە كە ئەو ئینسانەی دەبێنتە مزگەفتەكە، لۆیە تەقوا لە هەموو مستەوایەك مەطلوبە، ئەمما ئیمان لە هەموو مستەوایەك نییە، تەقوا لەو ذاتە دەكا لە كالأنعام نەقل ببی لەبۆ ناس، نەقل ببی لەبۆ.. سەبر سەبرە هەتتا دەبتە موئمین، تەقوا وەی لێدەكا مەصعەدە ئا ئەوەی لە عیماراتی برند دادەنرێ ناوی چییە بە كوردی چی پێ دەرێن مەصعەد، دەزانن چ دەرێم وەنییە؟ مەصعەد دەزانن چییە عالەم سواری دەبی لە جیاتی قاندرمەی بەسەر دەكەوی و دێتە خوارێ ئەوە تەقوایە بیلا تەشبیهـ، ئەمما غورفە غورفەكان هەمووی ئیمانەكەیە، (عَنْ أَبِى هُرَيْرَةَ قَالَ قَالَ رَسُولُ اللَّهِ صلى الله عليه وسلم « الإِيمَانُ بِضْعٌ وَسَبْعُونَ أَوْ بِضْعٌ وَسِتُّونَ شُعْبَةً)(رواه مسلم)، ئەوجە زۆرجار كە كابرا تەقوای نابی رادەوەستی لەجێی خۆی ئەسەنسێرەكە، ئەمما ئیمانەكەی لەوێ مەوجودە ئەگەر هەبی، چەند ئیمانی چەند تەقوای برند كا ئیمانەكە زیاد دەكا، تەقوا بكا ئیمانەكە زیاد دەكا، واضحە برای من؟ ئا ئەوە مەفهومی ئیمان و تەقوایە، دوو مەوزوعی لێك مونفەصیلن، لە عەینی وەقتیش عیلاقاتی جەدریان

لەگەر یەك هەیە ئەوە شتەکە ئەوە شتەکیتکەیە، وەکو مەنجەر و شیو، شیو شتەکە لەناو مەنجەری مەنجەریش شتەکیتیکەیە، ئەمما ئەو دوو عیلاقەیان پێك هەیە، هەتتا شیو لەناو مەنجەرەکەی نەنرێ گەرم ناکرێ، مەنجەریش شیوی لەناو نەبی دەسووتێ بە تەنێ، ئەمما مەنجەر شتەکە و شیوەکە شتەکیتیکەیە.

بەلێ تەقریبەن ئەوەمان تەواو بوو وەقتمان بەلێ.

(پرسیار)، جواب؛ تازە بەحسی تەقوامان کرد فەرقی ئەوەی تەقوامان کرد وە بەحسی ذهنمان کرد، بەحسی داخیلیشمان کرد، ئەوە ئوذنە، ئەمما ئەگەر هاتوو تەقوا هەبی لەبۆ ئیستیعمال کردنی دەبتە سەمع، لۆیە باری تەعالا دەفەرمی: (إِنَّ السَّمْعَ وَالْبَصَرَ وَالْفُؤَادَ كُلُّ أُولـئِكَ كَانَ عَنْهُ مَسْؤُولاً)(الإسراء 36)، کەینێ ئەو تەقوایە زیاتر بوو ئەو داخیلە زیاتر بوو ئەو داخیلە تەوجیهی چاوی دەکا، چاو وەکو جیهازەك حەرەکە دەکا لەبۆ لای ڕاست و لەبۆ لای چەپ، سەت و هەشتا دەرەجە دەبینی ئەو سەر هەتا ئەو سەر سەت و هەشتا دەرەجە دەبینی، کەینێ داخیل ئەمری بە چاوی کرد فلان ببینە فلان مەبینە دەبتە بەصەر، ئەمما مەثەلەن؛ ئێستا لەسەر جادەی کە دەرس تەواو بوو بە دەیەها رەسم دەبینی، سەیارەی سوپەر دەروا عالەم دەرواو دێ و دەچی و فلانی ئیلا ئاخیری ئەمما سافیرەش دەبینی واضحە؟ کە خوا نەکا چاوی لۆ سافیرەی برند کرد ئاوا بەصەرە، ئەمما کە تەماشای سەیارەی سوپەر دەکا و عالەم دێ و دەڕوا و ئاگای لەهیچ نییە ئەوە هەمووی عەینە، چونکی ئیرادە و مەشیئەی تێدا نییە، واضحە برای من؟

وصلى الله على محمد و على اله وصحبه وسلم، سبحان ربك رب العزة عما يصفون والسلام على المرسلين والحمد لله رب العالمين.

ئەوە قەناعەتمە ئەگەر بوویمە سەبەبی هیدایەتی هەزار نەفەر ئەمما بە قسەکانم شەخصەك بە غەڵەت لەمن گەیشت وە ئەو فەهمە غەلەتە بووە سەبەبی موحاسەبەی ڕۆژی قیامەت أمام الله بە تەصەووری خۆم باری تەعالا حیسابی ئا ئەو نەفەرەم لەگەر دەکا زیاتر، کە فیعلەن ئەمن بوویمە سەبەب و مانیع لەبۆ تێنەگەیاندنی دینی، فە بە صەراحەت دەلێم موحتەمەلە موثەقەفین موفەککیرین مەوجودن لە ساحە غالیبیان موتتەبیعی مەوضوعن، وە ئەمن خۆم لە خزمەتیان بوویمە طەرحی ئەو مەوزوعە کرایە بە صەراحەت وە قبولی وەرگرتییە بەتام، ئەمما ئەو طەرەفەی کە ئیستیعدادی نەبووە ئیستیماع بکا هەتا ئێستا ئەمن بەس موجەررەد ئیشارەتەك لە خزمەتی دەبەم، نەفەر بی یان ئیتیجاهـ، مەوضوعەکەی بە موفەصەلی لەبۆ شەرح کەین بابە موستەنەدات و ئیثباتاتی قەولی ئەو فلانە ئا

ئەوانەیە، ئەو وەختی ئەگەر ئەو نەوعە تەفاهومە هەبی لە بەینمان خەطەئی من دەگەڕێتەوە لەبۆ خۆم بە صەحیحترین طەریقە وە فیعلەن نەسیحەت دەکرێم تەوجیهـ دەکرێم تەبشیر دەکرێم، وە موقابیلیش ئیستیفادە دەکا لەو خەطەئە و لەو تەجوربەیەی کە ئەمن تێ کەتیمە.

ئەمما نەقلی مەوضوع لە دەو لەبۆ دەویتکە، لەبۆ دەویتکە، لێرە موحتەمەلە قسەکمان گۆتبی دوو مەعنای هەبی، جالیس لێرە بأي سبب من الأسباب، بوعدە سلبیەکەی تێبگا و لەسەر بوعدە سلبیەکەش بینا بکا و نەقلی کا لەبۆ جیهاتی موختەصی خۆی لەبۆ ئیتیجاهی خۆی، ئەویش ئیستیعدادی ئەوەی نەبی شەخصەن موفاتەحە و قسە بکرێ لەسەر مەنابیر و لەناو موحاضەرات یا لەناو دروسی ئوسەری بەحس بکرێ، وەبزانم ئەمن سەبەبی گوناهەکەمە، ئەمما ئەویش وەسیلەی صەحیحی ئیکتیفا نەکردییە ئەوی تەقوای لەبۆ عیلاج سەبەبەکە کێ بوو، سەبەبەکە ئەو برایەی کە ئەمە لە خزمەتینە لێرە فیعلەن ناقلی خەیر نەبوو ناقلی صەحیح نەبوو، فە لۆیە هەموو مەوضوعەکان سی شەش کاسێتی سیرە، شازدە کاسێتی چۆنیەتی ئیعادە کردنی ئیمان، دە کاسێتی أسماء الله و أفعالە، لەبن دەستی هەموو موسڵمانانە دەکرێ ئەوەی روئیەی نەقدی هەیە با گێ بگری و ئینتیقادی بکا و هەمووی بکاتە مەلەف لە خزمەتینە، ئەو مەوضوعەکان لێرە مەطروحە مەساسی هەموو موسلمانانە، هەموو ئەهلی ئیمانە الحمد لله مەوضوعەکە ئیمانی و تەقواییە شمولی هەمووماندەکا هەتا ئێستابە فەزلی خوای مەوضوعی سیاسی و خاص بەحس نەکرایە بەحسیش ناکرێ.

لۆیە دیسان تیکرار دەکەمەوە شەرت نییە فەهمی شەخص لێرە تێگەیشتنی شەخص لێرە لەبۆ نەوعەك کەلیمات مەقصودی من بوو لەسەر ئەو مێزەی، نەقلی مەوضوعی ئەوەیە هەتتا لەناو کوتتاب و موئەلیفین کە مەوضوعەك نەقل دەکرێ لە شەخصەك نەقل دەکا بەینی دوو قەوص دایدەنێ، قەدیمەکان ڕەحمەتی خوایان لێبێ صالح بوون، کە قەوصەکەشی قەپات دەکرد ئەلف و هائەکی لە تەنیشت دادەنا ئەگەر مولاحەضەتان کردبی لە کوتوب، ئەوە یەعنی ئینتەها، ئینتەها قەول فلان، ما تەبەقا کە دێ قەولی شەخصە قەولی موئەلیفەکەیە، نەك قەولی نەقلەکەیە، ئەوەی لێی نەقل دەکا، ئەوەی فیعلەن لێرە مومەثیلە ئەمیندارە لەبۆ ئیتیجاهاتی ئیسلامی کە نەقل دەکا بە صەحیحی نەقل کا، قەول پاش و پێش نەکا تەقطیع نەکا یاخود روئیەیەی خۆی تەقدیم نەکا لەبۆ مەوضوع، ئەوەی کە خۆی تێیگەیشتییە، وە ئەوەی کە خۆی تێیگەیشتیە بیکاتە معیار لەبۆ ئیتیجاهەکە و لەبۆ مامۆستایەکەی، ئەو وەختی ئەمنی موحاکەمە دەکرێم پێی أمام الله، چونکی ئەمن سەبەبی مەوزوعم، ئەویش خۆی موحاکەمە دەکرێ لە بەرامبەر باری تەعالا.

فه لۆیه نەقلی مەفهومی مەوضوع شەرت نییه مەوضوع ئەوها بی، ئەوه له شەخص لەوەی که لێره مەوجوده ئەمانەتەن مەوضوع نەقل دەکا، طەرەفی پشتی وی مامۆستای وی که موستەمیعه لەبۆ وی ئەویش مەوضوعی دەکەوته سەر، زۆر سەهله زید من الناس مەوجوده، وەرەقەکی لەبۆ دەنێرم بابه ئەتو وەهات گۆتیه دینی مه ئەوه قبول ناکا، ئەمه دێین ئەوها تێنەگەیشتینه موستەنەداتت چییه، فیعلەن ئەگەر ئەمنیش شتەکم پێ بی دەرێم مامۆستا ئەوه فلان دەلیل و فولان دەلیل، له بابی ئەدەب و ئیحتیرام موحاوەله لەگه یەك دەکەین لۆوەی له یەك بگەین، نەك ئەو دوور به دووری حوکم لەبۆ من دەرکا، له فەهمی خۆی یاخود فەهمی ناقیل حوکم لەبۆ من دەربچی، که گێمان لێیه، ئەویش هەر موتتەهەم دەبی بەرامبەر باری تەعالا، مەوضوعی موناقەشەی مادده هەر که قەدیمەن.